## لە روونکردنەوەیەکی کۆمەڵەی ئارەزوومەندانی فەلەکناسی کوردستان:

# بەرکەوتنی هەسارۆکەیەک بەزەوی مەحاڵە!

**ئەژی چەتۆ حەسەن**

یەکێ لەو گرفتانەی کە جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێ بریتییە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگندەی زۆر سەیر و سەمەرەی دوور لە هەر هەموو بنەما زانستییە پێشکەوتوو و باوەڕپێکراوەکانی خودی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون کە تاوەکو ئێستا ئێمە زۆر لێیان بێبەش بووینە. ڕێگاکانی چەواشەکردنی خەڵکیش یەگجار زۆرن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی بە حوکمی پسپۆڕێتی خۆیان زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە لەو بوارە زانستییانەی کە ئەم هەواڵ و پێشهاتە نا-زانستییانە لەخۆ دەگرن.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی راستەوخۆی سەرۆکی کۆمەڵەی ئارەزوومەندانی فەلەکناسی کوردستان لەگەڵ بەڕێز د.نیهاد عەلی سەرۆکی بەشی فیزیا ی کۆلێژی زانستی زانکۆی بەغدا لە 4ی ئایاری 2009 بەڕێزیان ئەو هەواڵانەی بە دوور لە راستی و ناوقیعی لەقەڵەمدا کە گوایە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان لە بەغداوە ئەنجامداوە لەسەر «بەرکەوتنی هەسارۆکەی تۆتاتیس لەگەڵ زەوی لە ساڵی 2012»، ئەوەی روویداوەش بریتی بووە لە ئەنجامدانی سیمینارێکی زانستی دەربارەی نەیزەک و هەسارۆکەکان و مێژووی بەرکەوتنیان بەر رووی زەوی، نەوەک بەرکەوتنی ٪ 100 ی لەگەڵ زەوی، جا ئەگەر کەناڵێکی راگەیاندن (هەر بە گوتەی بەڕێز د.نیهاد) کە ئامادەبووە لەم چالاکییەمان و پاشان بە خوار و خێچی دوور لە پیشەگەری رۆژنامەنووسی راستی زانیارییەکانمانی بڵاوکردبێتەوە،ئەوا تاوانی ئێمە نییەو ئەوان بەرپرسن.

هەندێ لەو ڕێگایانەش:

1. شێواندانی خودی سەرچاوەی هەواڵ یان لێکۆڵینەوەکە تاوەکو زۆر بەرچاوو کاریگەرتربێت بۆ دەروونی خەڵکی.

2. وەرگێڕانی ناڕاست و «سەقەت» یان بەشێکی بۆ هەواڵ و راپۆرتە زانستییەکان.

3. کاریگەربوون و خێرا خۆشباوەڕی هەندێ لە دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی و نێوخۆیی بەو لێدوانانەی کە لە زاری جادووگەر و ئەستێرەناسەکانەوە دەردەچن دەربارەی روودانی کارەساتی گەورەی سروشتی و فەلەکی لەسەر رووی زەوی.

4. زۆر بەداخەوە ، دیسان زۆر بەداخەوە!، بەکارهێنانی «فەرموودەکانی پێغەمبەرمان محەمەد- دروودی خوای لەسەر بێت، یان چەندین «ئایەتی قورئانی پیرۆز» لە نێو چەند ماڵپەڕێکی عەرەبی و بەناو ئیسلامی بۆ زیاتر کاتێکردنی خەڵکی سادەو راپێچکردنیان بۆ نێو «ژوورەکانی چات کردن» و ئالەوەیوە، ئەم هەواڵانە لەسەر ئەساسێکی ناڕاست و بێ بەڵگە بڵاودەکەنەوەو ئەو فەرموودە پڕبەهاو ئایەتە پیرۆزانە بۆ مەرامی زۆر دوور لە ئایین و زانستدا بڵاودەکەنەوە.

ئێمە لە کۆمەڵەی ئارەزوومەندانی فەلەکناسی کوردستان بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆمان دەزانین کە راستییەکان بۆ خوێنەرو رای گشتی روون و ئاشکرا بکەین و پشت ببەستین بە چەندین بەڵگەی زانستی بۆ راستکردنەوەی دیمەنە شوێندراوەکانی دوو هەواڵی زۆر سەیر.



هێڵکاری نزیک کەوتنەوەی هەسارەی مەریخ لەگەڵ زەوی

**نزیک کەوتنەوەی مەریخ لەگەڵ زەوی تاوای لێدێت قەبارەکەی وەک مانگی مانگی 14 لێدێت لە ئابی داهاتوودا!**

بۆ وەڵامی ئەم پڕوپاگندەیە زانایان دەڵێن: بەهیچ شێوەیەک نە لەدوور نە لەنزیک ئەم هەواڵە راست نییە، چونکە نزیکترین ماوەی نێوان زەوی و مەریخ لەماوەی 16 ساڵ جارێک روودەدات و ئەو کاتە دووری نێوانمان دەگاتە نزیکەی 40 ملیۆن میل، نەوەک 1 ملیۆن میل کە گوایە ئاوا لێمان نزیک دەکەوێتەوە. هەڵبەتە جۆرە نزیک کەوتنەوەیەکی دیکەش روودەدات کاتێک زەوی و مەریخ دەکەونە نزیکترین خاڵ لە خۆر و ئەوەش 56 هەزار ساڵێک جارێک روودەدات.


دیمەنێکی راداری بۆ هەسارۆکەی توتاتیس

راست نییە و بەڵکو لە تخووبی راستیش نزیک نییە! چونکە هەر هەمان شێوە هەواڵ ئەوکاتە دووری نێوانمان دەگاتە 34.6 ملیۆن میل، ئەوەش لە 27ی ئابی 2003 روویدا. ئەوکاتەش مەریخ لەسەر شێوەی خاڵێکی بریسکداری رەنگ سوور دەرکەوت. منیش لە رێگای بەکارهێنانی تەلەسکۆپێکی 3 ئینجی هەسارەکەم بینی لەسەر شێوەی گۆیەکی زۆر بچووک نەک وەکو مانگی تابان!.با چاوەڕوانبین و مانگی ئابیش هێندە دوور نییە!

**بەرکەوتنی زەوی بە هەسارۆکەی تۆتاتیس لە ساڵی 2012**

ئەمەش یەکێکە لەو پڕوپاگندە ناڕاستانەی کە خێرا لە نێو دەزگاکانی راگەیاندندا بڵاوبۆتەوە تا وایلێهاتووە بۆتە خەمێکی دیکەی خەڵکی لەو رۆژگارەدا! ئەوەتا هەواڵ و دەنگ گۆی بەرکەوتنی زەوی بە هەسارۆکەیەک بڵاو بۆتەوە لە 12 ی کانوونی یەکەمی 2012 و لەگەڵیدا ژیان بەهەموو شێوەکانییەو تەفرو تونا دەکات! بە واتایەکی دیکە «دوایین رۆژی ژیانمان لەسەر هەسارەی زەوی لە کۆتایی ساڵی 2012 دەبێت!».

بێ شک و گومان ئەمەش لە شوباتی 1994 بڵاوبۆوە کە گوایە گاشە بەردێکی گەورە بەڕێوەیەو بەم زوانە بە «دیاربەکەر» دەکەوێت!! خەڵکی ئەو کاتە زۆر ترسی لێ نیشت کە بەڵێ ئەوە کۆتایی زەوییە،بەڵام لەدواییدا ئەو هەسارۆکەیە کە ناونرا کلکداری «شۆمیکەر- لیڤی» گشتییان بەر رووی هەسارەی زەبەلاحی موشتەری کەوتن، ئێستاش هەر هەمان سیناریۆ دووبارە بۆتەوە.

هەڵبەتە ماوەی نیو سەدەیە دەزگاکانی بۆشاییگەری وڵاتە پێشکەوتووەکان وەک «NASA» بە تایبەتی سەرقاڵی بەجێگەیاندنی بەرنامەیەکی پشکنین و روانگەکاری زۆر وردن بۆ ئەو تەنە ئاسمانینانەی کە رەنگە هەڕەشە بۆ زەوی بنێننەوەو ناسراوە بە «بەرنامەی تەنە نزیکەکانی زەوی ñ NEO». بەپێی دوایین لێدوانی زانایانی نێو ئەم بەرنامەیە، هیچ جۆرە بەرکەوتنێک روونادات لە نێوان زەوی و هەسارۆکەی TOUTATIS کە گوایە لە ساڵی 2012 بەر رووی زەوی دەکەوێت و تەڕو هیشک پێکەوە دەسوتێنێت.

لە کۆتاییدا هیواداریین کەوا خوێنەری ئازیز و جەماوەری خۆشەویستمان زوو کاریگەر نەبن بەو هەواڵ و پڕوپاگندانەی کە بەزۆری لە پێناو سەرنجڕاکێشانە بۆ ماڵپەڕ و گۆڤار و رۆژنامەکانە جا چ لێرە یان لەسەرتاپای جیهان بڵاو دەکرێنەوە و هیواداریشین دەزگاکانی بەڕێزی راگەیاندن ئەوانەی ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاودەکەنەوە- بە وردەکاریتری زۆر زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاری هەواڵانە بکەن کە لە رێگای سەرچاوە جیاجیاکاندا بدەستیان دەگات ، وابزانم هیچ زانیاری و راستییەکیش لەوە کاریگەرتر نییە ئەگەر هاتوو بە بەڵگەی روون و ئاشکرا پشت ئەستوور کرابن.



## دۆزینەوەی دوورترین تەنی ئاسمانی لە گەردووندا

تیمێک لە فەلەکناسانی ئەمریکا رایانگەیاند، کە توانراوە دووترین تەنی ئاسمانی لە قوڵایی گەردوون بدۆزرێتەوە و وا دیارە دەگەڕێتەوە بۆ ساتە تازەکانی لە دایکبوونی گەردوون بەر لە زیاتر 16 ملیار ساڵ پێش ئێستا. ئەم تەنە ئاسمانییە ناونراوە«هیمیکۆ»کە لە بنەڕەتەوە ناوی شازادەیەکی ئەفسانەیی ژاپۆنییە. بەشیکردنەوەی زانایان بۆ ئاستی تەمەنی ئەم تەنە ئاسمانییە هەرە دوورە دەرکەوتووە«هیمیکۆ»لەو کاتەوە دروستبووە کە تەمەنی گەردوون تەنها 800 ملیۆن ساڵ بووە، ئەم تەنە ئاسمانییەش بریتییە لە بڵقێکی زەبەلاحی گاز بەدرێژایی 55 هەزار ساڵی تیشکی، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە بۆ تەنێکی وا کە لە سەرەتای لە دایکبوونی گەردوونەوە لە دایکبووە. بەڵام تاوەکو ئێستا زانایان لە سروشتی ئەم تەنە ئاسمانییە حاڵی نەبوونە و نازانن لەچی پێکهاتووە و چی بەسەدرێت لە دوارۆژدا!.



## هەڕەشە لەسەر زێیەکانیش بەرجەستە بووە

لە دوای سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای جیهانی، زانایان و پسپۆڕانی بواری ژینگە و سروشت هۆشداریان داوە لەسەر ئەوەی زێیەکانی جیهانیش بەدەر نابن لەو هەڕەشانە کەوتوونەتە سەر ژینگە بەگشتی و رووبەرە سەهۆڵی و ئاوییەکانی جیهانی لەتەک زیادبوونی لە رادەبەدەری ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی. لێکۆڵەرەوان ئاماژە بە دواکەوتنە و لە کورتی دانی سەرچاوەکانی ئاوی سازگار دەکات کە مرۆڤ پشتی پێوە دەبەستێ بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی خۆی لەسەر هەسارەی زەوی، لەوانە زێی زەرد لە باکووری چین و کانگ لە هیند و کۆلۆرادۆ لە ئەمریکا. دوای لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن لەسەر باری 900 زێ لە ماوەی 50 ساڵی رابردووەوە دەرەنجامەکان ئاماژە بە بەردەوامی نزمبوونەوەی ئاستی ئەو زێیانە دەکات لە دەرەنجامی دروستکردنی بەنداوی گەورەی یەک لە دوای یەک بۆ بواری کشتوکاڵی و لەلایەکی دیکەوە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی جیهانی وایکردووە ریتمی ئاسایی باران بارین و بەهەڵمداچوونی رووبەرە ئاوییەکانی جیهانی بگۆڕدرێ.

## داهێنانی خێراترین سیستەمی وێنەگرتن

تیمێک لە واشنتۆن پەردەیان لادا لەسەر داهێنانێکی نوێ کە بریتییە لە خێراترین سیستەمی وێنەگرتن و لە توانایدایە یەک گرتە بگرێت لە ماوەی نیو بەش لە ملیارێک بەشی چرکەیەکدا..!. بە مانایەکی دیکە لە توانایدایە 6 ملیۆن وێنە لە یەک چرکەدا بگرێت. ئەم کامێرایە بەهۆی تەکنەلۆژیای ترپەی لێزەری کە لە بۆشایی ئاسماندا بڵاودەبێتەوە کاردەکات، پاشان بەهۆی ئەم ئامێرەوە دووبارە گڵ دەکرێنەوە، درێژی ئەم ترپە لێزەرییە ناگاتە بەشێک لە ملیۆنێک بەشی چرکەیەک، بەڵام بڕێکی یەگجار زۆری شەبەنگی رەنگی لەخۆ دەگرێ، ئەم داهێنانە نوێیە یارمەتی زانایان دەدات بۆ شیکردنەوەی نموونەکانی خوێن کاتێک بە نێو موولوولەکاندا دەڕوات تا لە خانە نەخۆشەکاندا بگەڕێن. ئەم کامێرایە ناونراوە ستیم واتە«وێنەگرتنی دیجیتاڵی کاتی زۆر خێرا»و لەلایەن تیمێکی تەکنیکی زانستی بە سەرۆکایەتی بەهرام جەلالی مامۆستا لە زانکۆی کالیفۆرنیا، لۆس ئەنجلس و پاشان دەستدەکەن بە پەرەپێدانی بەهۆی تەکنیکی 3 رەهەندی و بەرزکردنەوەی وردەکارییەکەی بۆ 100 هەزار پیکسڵ!.



## دۆزینەوەی ماسی«دراکۆلا»لە بۆرما



لە تازەترین دۆزینەوەکانی جیهانی گیانداراندا هاتووە، کە تیمێکی پسپۆڕانی جیهانی ماسییەکان لە بۆرما توانیویانە جۆرە ماسییەکی زۆر سەیر بدۆزنەوە کە خاوەنی کەڵبەی ئێسقانی بەدرێژایی 17 ملیمەترە لە نێو یەکێ لە زێیەکانی وڵاتی بۆرما بۆیە ناونراوە«ماسی دراکۆلا»واتە«خوێن مژ». بەڕای زانایان لە مۆزەخانە مێژووی سروشت لەلەندەن ئەم جۆرە ماسیانە لە بنەڕەتەوە خاوەنی کەڵبەی ددانی بوونە، بەڵام لە میانەی هەزارەها ساڵی ژیان لەسەر زەوی و پەرەسەندنی هەندێ جۆر لە گیانداران ددانەکەیان لە دەستداتەوە، بەڵام لە دواییدا بۆ ددانی ئێسقانی شێوە گۆڕاون، بەڕای دکتۆر ڕاڵف بیرتز لە مۆزەخانەی مێژووی سروشت لە لەندەن، ئەم جۆرە ماسیانە توانایان هەیە دەمیان تاڕادەیەکی زۆر سەیر بکەنەوە بۆ خواردنی نێچیرە گەورەکان!.

## دوایین وێنە



دیمەنێکی نزیکتر لەخەیاڵ بۆ هەسارەی زوحەل و ئەڵقەکانی و مانگی ئنسیلادۆس کە لەژێرەوە بەدیار کەوتووە.

**فۆتۆ: گالیسکەی Cassini**